# خانمی یەکەمی عیراق و چاڵە دۆلارەکەی هەڵەبجە



## جەزا چنگیانی

بەپێ پێوەری سیاسی ئەمەریکی خێزانی سەرۆك کۆمار دەبێت بە خانمی یەکەمی وولآت . بە پێ ئەم پێوەرە ڕیکلآمەی میدیای جەلالیەکانیش هیرۆخانمیان کردوە بە (خانمی یەکەمی عیراق ) تا کەی و ئایا میژوو ئەم نازناوەی پێدەسپێرێ یان تەنیا سفرە لیسەوەکانی میدیای جەلالیەکان نەبێ . زۆرن ئەو ئافرەتە بەڕێزانەی بە هۆی کردار و هەلۆیستی جوانیانەوە بێ کۆمەکی میدیا ودەسەلآتی سیاسی بوونەتە قارەمان و میژوو بە دلسۆزی و ڕیزەوە بە جگەرگۆشەی خۆی ناونوسیکردون . بۆ ناسینی خانمی یەکەمی عیراق (هیرۆخانم ) تەنیا سەردانێکی ماڵی دایکە شەهیدیکی سلیمانی وشارە داماوەکەی کوردستان ( هەڵەبجە) بکەیت لە نزیکەوە تێدەگەیت ئەم ئافرەتە بەناو کوردە چ (نازناوێکی شایانە) خانمی یەکەمی عیراق یان یەکەم ئافرەتی کەپیتالیستی تازە هەڵتۆقیوی بێویژدانی نێو کۆمەڵگای کوردی داماو ... ژمارەی ساختومان وموڵك وماڵی ئاشکرای ئەم خانمە و خزم ودارودەستەکەی چەندەیە؟؟ ..با سلیمانی و هەڵەبجەیەکان وەلآمی بدەنەوە . کاری ڕۆژنامەگەری کارێکی هوشیاریە... ئەوەی ڕاستگۆ و گەرەکی بێت لە پێناوی زووربەدا بنووسێت پێویستە بە هوشیاریەوە مامەڵە لە تەك مەتریاڵەکاندا بکات .

ڕۆژی 12/09/2005 چاوبین وگۆبیستی هەواڵەکانی تەلەفزیۆنی جەلالیەکان



# خانمی یەکەمی عیراق هیرۆخانم

(کوردسات)بووم . بڵاویانکردەوە , لێپسراوێکی میری سلیمانی سەردانی نەخۆشخانەی شاری داماوی هەڵەبجەی کردوە بەڵینی داوە بە خەڵکی کە ( ئۆتۆمۆبیلی فریاگوزاریان) بۆ دابینبکات . گەلۆ سەیرکەن لە ساڵی 1988 وە ( جەلالی و مەلایەکان) هەلەبجەیانکردوە بە پسوڵەی سواڵ و سواڵی پێدەکەن . ئەگەر ڕێخراویکش دڵی بەداماوی ئەم شارە شکابێت کۆمەکێکی کردبێ ئەوە پێش کرینی ئۆتۆمۆبیلی فریادگوزاری ( کە سادەترین پیویستی ڕۆژە ) وەك برابەش لە نیوان ( جەلالی و مەلایەکاندا ) بەشیانکردوە . ئایا ئەم پرسیارە لە جییێخۆیدانیە ... لە هەمان ڕۆژ و سات و کەناڵدا ( کوردسات) وێنەیەکی بەڕێز هیرۆخانمی نیشاندا کە لە تەك هاوسەرەکەی جورج بۆش وە وەستابوو بە پیٚ هەواڵەکەی کوردسات هیرۆخانم داوای لەهاوسەرەکەی جۆرج بۆش کردوە کە کۆمەك بە شاری هەلەبجە بکات ... دانیشتوانی هەڵەبجە و گشت کوردستان ماف خۆیانە ئەو پرسیارە بکەن تاکەی واز لە پسوڵەی سواڵی هەلەبجە ناهینن .



سان پیترسبۆرگ 13/09/2005

jazachingiani@hotmail.com
www.chingiani.de